# دەنگێ لە منالآنی شارەوە

سابیر صدیق

دوێنێ..

لەسەر شەقامی "مەولەوی"

منالێکی بۆیاخچیم دی

بەدەم شنەی ئەندێشەوە

چوار دیواری حەوانەوەی

پاشەڕۆژی

خۆی هەڵدەچنی..

"بوو..

بەژێر ،

زیلێکەوە"

ئەمڕۆ..

خوێنە ئاڵە ووشکەوە بووەکەی

بەقەراخی شۆستەکەوە پێدەکانی

لەبەر ئەوەی

بیستبووی کە :

**هاورێ بۆیاخچیەکانی**

**چیتر پۆستاڵ بۆیاخ ناکەن**

---

**سلێمانی** 1976